| | | |
|---|---|---|
| حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق<br>وەزارەتی پەروەردە- لیژنەی باڵای تاقیکردنەوە گشتییەکان<br>تاقیکردنەوە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی پۆلی (دوازدەهەمی وێژەیی) | بەناوی خودای گەورە<br>بابەت : جوگرافیا \| کات : (٣:٠٠) کاتژمێر<br>**وەڵامی نموونەیی**<br>ساڵی خوێندنی ٢٠٢٥-٢٠٢٦ خولی یەکەم | پەنجەمۆر<br>**A** |

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە (بۆ هەر پرسیارێك دوو نمرە) SN: 000001

١ . قەبارەی زۆری دانیشتوان دوێخێکە کە دەرامەتەکان لە توانایدانییە ئاستی گوزەرانی گونجاو بۆ دانیشتوان دابین بکات، وەك لە :

A- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا  **B-زۆربەی وڵاتانی باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا**  C- ئوستراليا  D- کەنەدا

٢ . ڕێژەی لەدایکبوونی خاو =

A- کۆی ژمارەی دانیشتوان لە ناوەڕاستی ساڵدا / ژمارەی لە دایکبوونی زیندووی ساڵێك × ١٠٠٠

**B- ژمارەی لە دایکبوونی زیندووی ساڵێك / کۆی ژمارەی دانیشتوان لە ناوەڕاستی ساڵدا × ١٠٠٠**

C- ژمارەی لە دایکبوونی زیندووی ساڵێك / کۆی ژمارەی دانیشتوان لە کۆتایی ساڵدا × ١٠٠٠

D- کۆی ژمارەی دانیشتوان لە کۆتایی ساڵدا / ژمارەی لە دایکبوونی زیندووی ساڵێك × ١٠٠٠

٣ . یەکێك لەمانە هۆکار نییە بۆ سەرهەڵدانی سەنتەرەکان (ناوك) لە شارەکاندا لە بیردۆزی فرە سەنتەری:

A- کۆبونەوەی هەندێك چالاکی بەهۆی سوودی هاوبەش لە نێوانیان، وەك کۆبوونەوەی بازرگانی تاك لە یەك شوێندا.

B- هەندێك لە بەکارهێنانی زەوی پێویستی بە ڕووبەرێکی فراوانی زەوی هەیە، وەك پیشەسازی.

**C- زەوی نزیك ڕێگاکانی گواستنەوە و بازاڕەکان زیاتر بۆ مەبەستی بازرگانی بەکاردەهێنرێت.**

D- نا تەبایی و نەگونجان لە نێوان هەندێك چالاکییدا، وەك ئەو پیشەسازییانەی دەبنە هۆی پیسبوونی ژینگە لە نزیك ناوچەکانی نیشتەجێبوون.

٤ . پەیڕەوکردنی خولی کشتوکاڵی و بایەخ نەدان بە بەخێوکردنی ئاژەڵ و بەرزی بەرهەمی یەکەی ڕوو بەر، لە تایبەتمەندییەکانی شێوازی:

**A- کشتوکاڵی چڕ**  B- کشتوکاڵی جێگۆڕکێ یە  C-کشتوکاڵی تێکەڵە  D- کشتوکاڵی دەریای ناوەڕاستە

٥ . فەرەنسا بە ڕێژەی..........لە بەرهەمهێنانی وزەی ناوکی جیهان بەشدارە و نزیکەی .............. کارەبای وڵات دابین دەکات:

A- (٣٠٪) و (١٨,٦٪)  **B- (١٤٪) و (٦٥٪)**  C- (٨٪) و (١٨,٤٪)  D- (١٤٪) و (٥٪)

٦ . سەیری نەخشەکە بکە ژمارە (١) ئاماژەیە بۆ گەرووی:

A- دەردەنێل  B- بابولمەندەب  C- مەلەقا  **D- جەبەل تاریق**

٧ . یەکەم وڵاتی کیشوەری ئەفریقیایە سەرچاوەی وزەی گەرمی ناخی زەوی بەکاردەهێنێت، بەهۆی نزیکی لە کەندڕی مەزنی ئەفریقیا:

A- نایجیریا  B- ئەسیوبیا  C- کۆنغۆ  **D- کینیا**

٨ . لە ئەنجامی بەیەکگەیشتنی ڕێگاکانی هاتووچۆ هەندێ جار ئەم شێوەیە لە نشینگە لادێییەکان دروست دەبێت، وەك گوندەکانی خۆرئاوای ئەورووپا:

**A- ئەستێرەیی**  B- سێگۆشەیی  C- بازنەیی  D- درێژکۆڵەیی

٩ . خەڵوزی لیگنایت بەکاردەهێنرێت بۆ:

A- بەرهەمهێنانی خەڵوزی کوك  B- گەرمکردنەوەی ناو ماڵ  **C- بەرهەمهێنانی وزەی هەڵم و کارەبا**  D- (B و C) ڕاستن

١٠ . یەکێکە لە گرنگترین ئەو وڵاتانەی لە ساڵی (٢٠٢٢) گۆگردیان هەناردەی دەرەوە کردووە:

A- نیوزلەندا  B- ئیتاليا  **C- کازاخستان**  D- ئۆزباکستان

١١ . وڵاتی .................. توانیویەتی ئاوی خواردنەوە لە سەرچاوەی جیاواز دابین بکات، کە یەکێکیان (شیرینکردنی ئاوە):

A- ئوستراليا  **B- سەنگاپور**  C- هۆڵەندا  D- کوێت

١٢ . لە ئێستادا ساڵانە ژمارەی دانیشتوانی جیهان زیاتر لە............کەس زیاد دەکات:

A- ٢٥٠ ملیۆن  B- ٩٣ ملیۆن  C- ١٥٠ ملیۆن  **D- ٨٣ ملیۆن**

١٣. برنج لە دوو وەرز دەچێنرێت لە هەرێمە وەرزییەکانی :

A- خۆرهەڵات و باشوری ئوستراليا     B- خۆرئاوا و باکوری ئوستراليا

C- خۆرهەڵات و باشووری ئاسيا     D- خۆرئاوا و باکوری ئاسیا

١٤. ناوچەی چڕی مامناوەند ئەو ناوچانەن کە چڕی دانیشتوانیان لە نێوان (١٠ –١٠٠کەس /کم٢) دایە،وەك:

A- ناوچە پیشەسازییەکانی خۆرئاوای ئەوروپا.     B- زۆربەی خاکی ڕوسیای فیدراڵ و سێیەکی خۆرهەڵاتی ئوستراليا.

C- ناوچە کشتوکاڵییەکانی نیمچە کیشوەری هیندی و خۆرهەڵاتی ئاسیا.     D- ناوچە گەرم و شێدارەکانی خولگەیی و نیمچە خولگەیی.

١٥. سەیری نەخشەکە بکە ژمارە (٢) ئاماژەیە بۆ هەرێمی نەوتی:

A- ئەلبێرتا     B- ساکالین     C- سەفانیە     D- یاکوتیا

١٦. لە فنلەندا پشکی هەر قوتابییەك نزیکەی.........دەبێت بە لەبەر چاوگرتنی جیاوازی ڕووبەری هۆڵی خوێندن لە قوتابخانەیەکەوە بۆ یەکێکی تر:

A- (٢,٤م٢)     B- (٠,٩٣م٢)     C- (٢ – ٤م٢)     D- (٤,٢م٢)

١٧. ڕوسیای فیدراڵ لە ڕووی گازی سروشتیەوە:

A- خاوەنی گەورەترین یەدەگە.     B- نزیکەی (٢٥٪) کۆی گشتی بەرهەمی جیهان بەرهەم دەهێنێت.

C- گەورەترین هەناردەکاری جیهانە.     D- (A و C) ڕاستن.

١٨. گونجانی جۆری بەرووبوومە کشتوکاڵییەکان بە پێی جیاوازی خاك دەگۆڕێت،بۆنموونە خاکی لمی گونجاوە بۆ:

A- برنج     B- زۆربەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان     C- ئەو بەرهەمانەی بەرگەی وشکی دەگرن     D- گەنمەشامی

١٩. لە هۆکارە سروشتییەکانە کە کار دەکاتە سەر دابەشبوونی نیشینگە لادێییەکان:

A- شێوازی وەبەرهێنانی زەوی     B- خۆپاراستن     C- شوێنی جوگرافی     D- (A و C) ڕاستن

٢٠. لە بەرهەمهێنەرێکی لاوەکییەوە لە کۆتایی نەوەدەکاندا بووە سێیەم گەورەترین بەرهەمهێنەری (مس) لە ساڵی ٢٠٢٣ :

A- کۆنگۆی دیموکرات     B- زامبیا     C- ئوستراليا     D- شیلی

٢١. پیشەسازی (گۆڕانکاری ، دەرهێنان ،ئامادەکرن) پۆلێنکردنی پیشەسازییە لە سەر بنەمای:

A- سروشتی بەرهەم     B- چۆنیەتی بەرهەمهێنان     C- چڕی دەستی کار     D- پێویستی بەکاربردنی بەرهەمەکانی

٢٢. کام لەم دەستەواژانە ڕاستن:

A- ئاسن و مس لەو ناوچانە هەیە کە لەبەردی گۆڕاو و نیشتوو پێکهاتوون.

B- زۆربەی ناوچەکانی بەخێوکردنی مەڕ لە (چین) دەکەوێتە باشورو باشوری خۆرهەڵاتی وڵات.

C- ڕێگەی کانی کراوە لە بەرهەمهێنانی گۆگرد جێبەجێدەکرێت لە کێڵگەی (مشراق) لە عێراق.

D- نزیکەی (٩٢٪) پێداویستی فۆسفاتی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە نیمچە دورگەی فلۆریدا بەرهەم دەهێنرێت.

٢٣. ڤەنزوێلا گرنگترین وڵاتە لە هەرێمی دەریای کاریبی کەتوانای بەرهەمهێنانی پاڵاوگەکانی نزیکەی ..................بووە لە جیهاندا:

A- ٥٠٪     B- ٣٠٪     C- ٥٥٪     D- ٥٢٪

٢٤. بە یەکێك لە گەورەترین دیاردە دەستکردەکانی مرۆڤ دادەنرێت و درێژیەکەی نزیکەی (٨٠) کیلۆمەترە:

A- نۆکەندی پەنەما     B- نۆکەندی سوێس     C- گەرووی بۆسفۆر     D- نۆکەنی کێڵ

٢٥. دوای هەڵکەندنی کەناڵی سوێس لە ساڵی (١٨٦٩) کە دەریای سوور و دەریای ناوەڕاست بەیەکەوە دەبەستێتەوە گرنگی زیاتر بووە، لە پێکەوە بەستنەوەی بازرگانی ئەوروپا وڵاتانی زەریای هیندی و خۆرهەڵاتی ئەفریقیا:

A- گەرووی بابولمەندەب     B- گەرووی جەبەل تاریق     C- گەرووی هورمز     D- گەرووی دەردەنیل

٢٦. ئەزموون و لێهاتوویی و ژێر خانی ئابووری پێشکەوتوو،یەکێکە لە هۆیەکانی پەیدابوونی بازرگانی نێودەوڵەتی لە ڕووی:

A- پلەی گەشەسەندنی ئابووری.     B- جیاوازی دابەشبوونی دەرامەتە سروشتییەکان.

C- ئاستی گوزەران.     D- ئاسانی گواستنەوە و پەیوەندی کردن.

٢٧ . لۆكەى تاڵ مامناوەند و كورت پێویستی بە ..............كاتژمێرە لەبەركەوتنی تیشكی خۆر:

A- ٢٠٠٠ – ٢٣٠٠ B- ١٥٠٠ – ٢٠٠٠ C- ١٠٠٠ –٢٠٠٠ D- ٢٤٠٠ – ٢٥٠٠

٢٨ . لە تایبە تمەندییەكانی بەخێوكردنی.............. پێویستی بە رووبەری فراوان نییەو بەخێوكردنی ناكەوێتە ژێر كاریگەری گۆڕانی ئاو هەوا لە نێوان وەرزەكانی ساڵ:

A- پەلەوەر B- بزن C- بەراز D- گامێش

٢٩ . هۆكارە سروشتییەكان یارمەتیدەرن بۆ گەشەكردنی لەوەڕگەی سروشتی كە نزیكەی (٣٠٪) رووبەركەی دادەپۆشێت ، خاوەنی نزیكە (١٦٪) مانگای جیهانە :

A-كیشوەری ئەفریقیا B- كیشوەری ئاسیا C- كیشوەری ئەوروپا D- كیشوەری ئەمریكای باكور

٣٠ . سێیەم بەكاربەری خەڵوزی جیهانە و (٧٥٪) ی سەرچاوەی وزەی كارەبای لەسەر خەڵوزە :

A- ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا B- چین C- ئوسترالیا D- هیندستان

٣١ . سەیری نەخشەكە بكە ژمارە (٣) ئاماژەیە بۆ دەشتی:

A- موری –دارلینگ B- پەراری C- پەمپاس D- گەنج

٣٢ . كەنەدا خاوەنی .............. بەرمیل نەوتە،بەرێژەی..............یەدەگی جیهانی:

A- (١٤٥ ملیار) و (٨,٤٪) B- (١٧٠ ملیار) و (٩,٨٪) C- (٣٠٤ ملیار) و(١٧,٨٪) D- (١٥٦ ملیار) و (٩٪)

٣٣ . یەكێكە لە گرنگترین سەرچاوەكانی وزەی بەردەوام و رێژەی (١٠٪) ی سەرچاوەی سەرەكی وزەی جیهان دابین دەكات و بۆ مرۆڤ گرنگیەكی زۆری هەیە :

A- وزەی با B- وزەی گەرمی ناخی زەوی C- وزەی خۆر D- بایۆ وزە

٣٤ . لە بەشەكانی باشور و ناوەڕاستی عێراق دانیشتوان بە درێژایی چەم و رووبارەكان نیشتەجێن بۆیە شێوازی....................وەردەگرێت:

A- كۆبووە B- پەرش و بڵاو C- هێڵكاری D- (B و C) ڕاستن

٣٥ . لە بەكارهێنانی پێوەری..............بە هیچ شێوەیەك ڕەچاوی ڕووبەری زەوییە بیابانەكان و بێكەڵكەكان ناكات:

A- چڕی بەرهەمهێنان B- چڕی كشتوكاڵ C- چڕی ئابووری D- چڕی دانیشتوان

٣٦ . بە شێوەیەكی گشتی ئەم بەكارهێنانەی زەوی نزیكەی (٩٪) ی كۆی ڕووبەری ئاوەدانی شارە گەورەكان پێكدەهێنێت:

A- بەكارهێنانی بۆ گواستنەوە B- بەكار هێنانی بۆ پیشەسازی C- بەكارهێنانی بۆ نیشتەجێبوون D- بەكارهێنانی بۆ بازرگانی

٣٧ . هەندێك جار نشینگەكان لە ناوچە سەختەكانیش بەدیدەكرێن،وەك نشینگەكانی (بانی تبت) لە ئاسیا،بەهۆی:

A- ئاو هەوای گونجاو B- بوونی دەرامەتی ئاو C- بوونی كانزای گرانبەها D- بە پیتی خاكەكەی بۆ كشتوكاڵ

٣٨ . سەیری نەخشەكە بكە ژمارە (٤) ئاماژەیە بۆ وڵاتی:

A- كۆنگۆی دیموكرات B- زامبیا C- مۆزەنبیق D- كینیا

٣٩ . ناوچە گەرم و مامناوەندەكان گونجاوترین ناوچەن بۆ چاندنی گەنم،باشترین پلەی گەرمی بۆ بەرهەمهێنانی لە نێوان.............دایە :

A- (١٨– ٢٠) سْ B- (١٨ – ٢٢) سْ C- (١٨ – ٢٤) سْ D- (٢٠ – ٢٤) سْ

٤٠ . ڕێژەی بەشداریكردنی وزەی كارۆئاوی لە بەرهەمهێنانی كارەبا لە ساڵی (٢٠٢٣) بە شێوەیەكی گشتی نزیكەی............بووە لەسەر ئاستی جیهان:

A- (١٤,٢٪) B- (١٢,٤٪) C- (١٤,٣٪) D- (١٣,٤٪)

٤١ . لە ناوچەی (سوپەریۆر) لە ویلایەتەیەكگرتووەكانی ئەمەریكا هەیەو ڕێژەی ئاسن لە خاوەكانی لە نێوان (٦٠ – ٧٠٪) دەبێت و ڕێژەی خڵتە لە گۆگرد و فسفۆری كەمە :

A- مەگنیتایت B- سیدرایت C- لیمۆنایت D- هیماتایت

٤٢ . بە قۆناغی سێیەم دادەنرێت لە بەرێوەبردنی پاشماوە ڕەقەكان:

A- دووبارە بەكارهێنانەوەی. B- دووبارە بەرهەمهێنانەوە واتە گۆڕینی مادە فرێدراوەكان بۆ كەرەستەی نوێ.

C- كەمكردنەوەی فرێدانی پاشماوە لە سەرچاوەكانییەوە. D- سوتاندنی پاشماوەكان لە كورەی تایبەت بۆ بەرهەمهێنانی وزە.

٤٣. نزیکەی (٥٣٪) پاشماوەکانی لە ڕێگەی دووبارە بەکارهێنانەوە بۆ بەرهەمهێنانی پەین و (٤٧٪) بۆ بەرهەمهێنانی وزە بەکاردەهێنێت:

A- نەمسا　B- سویسرا　C- کۆریای باشور　D- سوید

٤٤. گۆڕانی پیشە سەرەتاییەکان بۆ شێوازی کشتوکاڵی چڕ هۆزە کۆچەرییەکانی ناچارکرد کە بەشێوەیەکی هەمیشەیی خانوو دروست بکەن و جێگیربن ،وەك هۆزی............... لە ئەمریکای باشور:

A- دایاك　B- تەواریق　C- ئانکا　D- ئینۆیت

٤٥. سەیری نەخشەکە بکە ژمارە ( ٥ ) ئاماژەیە بۆ دەریای:

A- کاریبی　B- قەزوین　C- سوور　D- ناوەڕاست

٤٦. لێکۆڵینەوەکان دەریا نخستووە ئەو ڕووبەرەی بۆ مەبەستی خزمەتگوزارییەکانی ................بەکاردێت لە شارەکاندا بە پلەی دووەم دێت لە دوای ئەو ڕووبەرەی کە بۆ نیشتەجێبوون بەکاردەهێنرێت:

A- سیستەمی ئاوەڕۆی تەندروست　B- بەڕێوەبردنی پاشماوە ڕەقەکان　C- گواستنەوە　D- پیشەسازی

٤٧. تێچوونی گواستنەوە لە پیشەسازییە ..............تەنها (٤٪) ی نرخی کاڵاکەیە:

A- ئەلیکترۆنییەکان　B- شەکر　C- ڕستن و چنین　D- پترۆکیمیاوییەکان

٤٨. دووەم گەورەترین هەناردەکاری برنجە لە جیهان:

A- پاکستان　B- تایلاند　C- هندستان　D- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا

٤٩. لە ئێستادا توانای ................بۆ جێگیرکردنی پیشەسازی کەمبووەتەوە بە هۆی ئاسانی گواستنەوە تا ڕادەیەك لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بە بەراورد لەگەڵ هۆیەکانی تری جێگیربوونی پیشەسازی:

A- بازاڕ　B- کەرەستەی خاو　C- هێزی کار　D- سەرمایە

٥٠. (ناوچەی ڕاگوزەر و ناوچەکانی لێواری شار) بە پێی بیردۆزی بازنەیی هاوچەق بریتین لە بازنەکانی:

A- سێیەم و چوارەم　B- دووەم و چوارەم　C- دووەم و پێنجەم　D- یەکەم و سێیەم

